www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:52 9-7-2006

# نامەگۆڕینەوە (5) .. ئامەی شارەزوور بۆ فاتەی لەندەن ... پشکۆ

نامەکەت گەییشت خوشکی دڵ لەلام
ئالۆشم تێکەوت ئاگری تێ بەردام
زۆر تامەزرۆ بووم خوشکی دور وولات
خستمەسەردڵم سوکناییم پیا هات
سک ئێشەم هەبوودەسوەجێ چا بوو
چونکی کەلیمەی لەندەنی تیابوو
دوکەڵ هەڵساوە لە شارەزورۆ
ئامە کولیاوە وە سەر ئاگرۆ
مەراق کوشتمی خەم دڵی بردم
کارەبا چورکێ سیلی پێ کردم
ئەگەر ئامەبم خوشکی فاتەبم
تەوێ ساڵێ تر لەو وولاتەبم
بۆچی عاسەگوول ژن ترەلە من
تا دوێ چەقیبوو لەپشقل بزن
ئەو لە بانیۆیا خۆی بخوسێنێ
منیش مێشولە چاوم دەر بێنێ
شریتێ خوێری ناردوەتەوە
کە بینیم بوم بەهەزار کەرتەوە
خوا ئەو خوایەیە عاسە نان و دۆ
بۆ وەساحێوی کامێرەی ڤیدۆ
فاتەگوێ بگرەخوشکە باشەکەم
گەرەکمە حاجی ڕەوانە بکەم
قسەی تەواوم بە حاجی داوە
یا سەفەر بکا یا دەر کراوە
پەمپم لێ یاوەسور داگیر ساوە
بوخچەی سەفەری لەژور سەر ناوە
مەحمویە هەبو ڕەفیقی کاکەم
ئیسا مەشهورەوەخولەی بەلەم
ئەی ووت ئامەخان دانیشەبێ خەم
بزانەمن خۆم چۆن بۆتی ئەبەم
ئەشی ووت بۆچی بەقسەی من ناکەن
تۆش بێیت لەگەڵی خێرا تر ئەگەن
قاچاخچی لەم سەر پارە ئەسێنن
ئەم یێژێ مانگام بۆ بخەوێنن
ئاممان فاتەگیان خافڵێ نەکەن

حاجی فەقیرە نەوا قوتی بەن
هەتیو و مەتیو نەی خەڵەتێنن
گشت پارەکەشی لەقن دەر بێنن
ماستم برد بۆ شار حەفتەی ڕابردوو
کوێراییم دایە ڕەفیقم نەبوو
ئیتر شەوەکەی نەگەڕامەوە
لەماڵی کاکە سەعە مامەوە
کافە ئەی زانی لەهۆی مانەوەم
دارێکم ها پێ بە ڕۆحیا ئەیەم
پێم ووت وا فاتە شۆرت ئەکاتەپێ
ئاخر مۆدێلی جێبیشی ها پێ
ئەی وت سەریشی بگا بەو کێوە
ئەزانم چەن موو ها بە هینێوە
تۆ چیت نوسیبوو لەوە عز خۆتان
منیش دەئەونەم بۆ خستیتەبان
کەوتم وەعز فاتەئاوایە
تەپڵت بەو ورگەی کافەلێ بایە
ڕەسمەتازەکەم نیشان ڕعنا یا
حەوت کفنی زەرد کرد لەیەک دەقەیا
ئینجا فاتەگیان خوشک کەی وایە
ئەوەی ڕەحم بێت بەدڵتا نایە
کابە نە ئەڕما بهاتیتایە
نەختێ گەڵاشت تێ بکردایە
قسەکەی باوکم بیر ناچێتەوە
کەقەت کلکی سەگ ڕاست نابێتەوە
جا لەبەر ئەوەهیچ عاجز مەبە
بەچاوی حەمە بەسەری عەبە
هەر جارێ نامەت دیاری تیا نەبوو
نای خۆنمەوەو پڕێکەم لەگوو
ئەو جێیە چیە یێژن سێکن هان
شت وەک تۆڵەکەو هەرزان و تالان
هەر کات کەس خۆمان بۆ ئێرەدێتۆ
عاسەیەک شەڵتەی پیا ئەنێرێتۆ
ئەگەر سوخمەت نارد با ڕەنگی شین بێ
با لەنەوعەکەی ئیلهام شاهین بێ
ڕەقەم نازانم تا بینێرم بۆت
تۆپێکی تەنکی بەرەلەگەڵ خۆت

pishko. rahim@yahoo. co. uk